# گەڕانەوە



عەزرا پاوەند

و. لە ئینگلیزییەوە: عەزیز ڕەئووف

سەیرکە، ئەوان دەگەڕێنەوە، ئاە، سەردەم
بزوتنەوەکان و هەنگاوە هێواشەکان
کێشە لە خێرایی و شنەکردندا هەیە،
کە دڵنیانین هەڵدەکات!



سەیرکە، ئەوان دەگەڕێنەوە، یەك یەك
بەترسەوە، وەك نیوەئاگا،
وەك ئەوەی بەفر نیگەران بووبێ و
منگەمنگی با و
گەڕانەوەیەکی نیوەناچڵ،
ئەوانە باڵێك بوون لە ترس و سام،
بەڵام پیرۆز

خواکانی پێڵاوی باڵگرتوو!
تانجییە زیوینەکان لەگەڵیاندا،
بۆن بە ڕێڕەوی "با"وە دەکەن.

عەزرا پاوەند لە ساڵی 1885دا لە هایلای لەدایکبووە. دوو ساڵی خوێندنی لە کۆلێژ لە زانکۆی پەنسلڤانیا تەواو کردووەو دواجار لە ساڵی 1905دا بڕوانامەیەکی لە زانکۆی هامیڵتۆن بەدەست هێناوە. دوای ئەوەی دوو ساڵ لە کۆلێژی Wabash وانەی وتۆتەوە. گەشتی کردووە بۆ وڵاتانی دەرەوە، لەوانە ئیسپانیا و ئیتالیا و لەندەن و دواتر گرنگیی تەواوی داوە بە هۆنراوەی یابانی و چینی. پاوەند دۆراسی شکسپیری لە ساڵی 1914دا خواستووە و لە بەریتانیا لە ساڵی 1917دا بووە بە سەرنوسەری *Little Review*. ساڵی 1924 گەشت دەکات بۆ ئیتالیا، لە ماوەی ژیانیدا لە مەنفا وەك کارەکتەرێکی خۆبەخش، پاوەند بە سیاسەتی فاشیستەوە توش دەبێت و ناگەڕێتەوە بۆ ئەمریکا تا ساڵی 1945. لە ماوەی جەنگی دووەمی جیهانیدا دەستگیردەکرێت بە تۆمەتی خیانەت، ئەمەش لە ڕێی پڕوپاگەندەی فاشییەکانەوە، کە بە ڕادیۆ بڵاویانکردەوە. ساڵی 1946 ئازاد کراوە و ڕایانگەیاندووە، کە عەزرا پاوەند نەخۆشیی دەروونی هەیە و لە نەخۆشخانەی شت ئێلیزابێس لە واشنتۆن دی سی گلیانداوەتەوە. لەماوەی دەستبەسەرکردنیدا عەزرا پاوەند لە دامەزراوەی " Bollingen-Library of Congress" خەڵاتی پێبەخشراوە، بەوەی کە ئەو دامەزراوەیە بڕیاری دا کارو چالاکییەکانی عەزرا پاوەند لەبیر بکات و وەك شاعیرێك بیناسێنێت و خەڵاتی the *Pisan Cantos* ی ساڵی 1948ی پێبەخشی. پاوەند گەڕایەوە ئیتالیا و لە ڤینیسیا جێگیر بوو، وەك نیمچە گۆشەگیرێك، لە ساڵی 1972دا کۆچی دوایی کرد.